# ڕامانێکی خێرا

## لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستیی وڵاتی کەنەدا

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

ناوی کتێب : ڕامانێکی خێرا لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستیی وڵاتی کەنەدا

ناوی نووسەر : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ژانر : ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی و کرێکاریی

دزاینی بەرگ و ناوەوە :

تایپ و هەڵەچنین : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

ساڵی چاپ : ٢٠٢٤

چاپخانە : کوردستان

تیراژ : ٣٠٠

پێشکەشە بە :

* ڕیچارد پارمەتەر پێتیپیس (١٨٧٥ – ١٩٦٠)؛ دامەزرێنەری پارتی سۆشیالیستی کەنەدا و ڕابەری بزووتنەوەی سۆشیالیستیی هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیای کەنەدا و بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی سۆشیالیستی وێسترن کلاریۆن.

* یوجین تۆرنتۆرن گینگزلی (١٨٥٦ – ١٩٢٩)؛ سەرنووسەری ڕۆژنامەی سۆشیالیستی وێسترن کلاریۆن.

* دانیاڵ ئۆ دۆنۆهیۆ (١٨٤٤ – ١٩٠٧)؛ لە مێژوودا بە باوکی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکارانی کەنەدا ناو زەد دەکرێت.

## بایەخی ئەم نامیلکەیە لە چیدایە؟

لەسەروەختی ئیشکردنم لەسەر پرۆژەی (ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ لە عێراق ١٩٧٥ - ٢٠٢٥) پرسیاری ئەوەم لا دروست بوو کە ئایا خوێنەرانی کوردزمان تا چ ڕادەیەک ئاگاداری مێژووی ڕۆژنامەگەری کرێکاریی و سۆشیالیستی وڵاتی کەنەدان؟ تا چ ئەندازەیەک خوێنەرانی کوردزمان لەم بزووتنەوە فراوان و مەزنە سۆشیالیستییەی ئەمریکای باکوور ئاگادارن؟ ئیتر ئەم ئەنگێزەیەم هەر لە مێشکدا بوو تا لەم ماوانە خەریکی خوێندنەوەی ژیاننامە و شیعرەکانی ڕاڵف چاپلن بووم، جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەنگێزەکەم بوومەوە. بۆیە کەوتمە گەڕان و بەسەرکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کرێکاریی و سۆشیالیستی کەنەدا و سەرەنجام توانیم ئەم کورتە نووسینە(ڕامانێکی خێرا لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستیی وڵاتی کەنەدا) ئامادە بکەم و پێشکەشی ئێوەی هێژای بکەم.
لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە بزووتنەوەی سۆشیالیستی و ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی هەردوو وڵاتی کەنەدا و ئەمەریکا زۆر نزیک و لێکهەڵپێکراون بەیەکەوە؛ بەجۆرێک کە زۆرجار بزووتنەوە سیاسییەکان لە هەردوو وڵاتدا، یەک بەرنامە و یەک ناوی هاوبەشیان بۆ زمانحاڵەکەیان هەبووە. بەڵام بەوپێیەی کە ئەم نامیلکەیە فۆکس دەکاتە سەر وڵاتی کەنەدا، بۆیە منیش هەر ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەم هەڵبژاردووە کە لە وڵاتی کەنەدا دەرچوونە و لەلایەن سۆشیالیست و مارکسیستە کەنەدییەکانەوە بڵاوبوونەتەوە. جا بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیز وێنایەکی گشتییان لەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە کەنەدا هەبێت، خراپ نابێت بە کورتی ئاماژە بە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی سۆشیالیستیی کەنەدا بکەم. بۆ ئەم مەبەستەش وتاری ( سۆشیالیزم لە کەنەدا )م زۆر بە کورتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لینکەکەشی لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا دادەنێم.

(بزووتنەوەی سۆشیالیزم وەک هێزێکی سیاسی لە کەنەدا هاوشانی حیزبەکانی کۆنسێرڤەتیڤ و لیبراڵ، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. لە مێژووی بەرایی خۆیدا، بزووتنەوەی سۆشیالیستی کەنەدا سەرەتا لە ڕۆژئاوای کەنەدا گەشەی بەرچاوی کرد. حیزبی سۆشیالیستی کرێکاران لە ساڵی ١٨٩٨دا، لە شاری ڤانکووڤەر پێکهێنرا. دوواتریش حیزبی سۆشیالیستی هەرێمی برتش کۆڵۆمبیاش لە ساڵی ١٩٠١ دا،هاتە دامەزراندن. حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا یەکەم حیزبی سۆشیالیستیی بوو لەسەر ئاستی کەنەدا کە لەلایەن هەڵسوڕاوانی کەنەدییەوە لە ساڵی ١٩٠٤ دامەزرا. دوواتر مانگرتنی گشتی کرێکارانی وینیپێگ لە ساڵی ١٩١٩ و قاتوقڕییە گەورەکە (١٩٢٩-١٩٣٩)ی کەنەدا، بزووتنەوەی سۆشیالیزمیان لە کەنەدا پەرە پێدا. حیزبی سۆشیالیستی کرێکاران یەکەم حیزبی سۆشیالیستیی کەنەدا بوو، کە لە ساڵی ١٨٩٨ لەلایەن هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی سۆشیالیزمی کەنەدیی؛ دانیال دی لیۆن و حیزبی سۆشیالیستی کرێکارانی ئەمریکا دامەزرا. لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا؛ بوو بە حیزبێکی سەرتاسەری و بارەگا سەرەکییەکەشی لە شاری تۆرۆنتۆ بوو. حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا لە ساڵی ١٩٠٤ تا ١٩٢٥ بە سەرنووسەری ی.ت. گینگزلی ڕۆژنامەی وێستەرن کلاریۆنی بڵاوکردەوە. ئەم حیزبە لە چوارەمین کۆنفرانسی ساڵانەی خۆیدا، حیزبی سۆشیالیستی برتش کۆڵۆمبیای لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٤ دامەزراندووە و کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی یەکێتییەکی گەورەی کرێکاریی لە کەنەدا. حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا بە تووندی دژی بەشداریکردن لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، وەستایەوە، لە ئەنجامی شۆڕشی ڕووسیا و مانگرتنی گشتی کرێکارانی شاری وینیپێگ، ژمارەیەک لە لایەنگرانی سەرنجیان چووە سەر بەلشەفیزم و بیرۆکەکانی ڤلادیمێر لینین و لیۆن ترۆتسکی. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٢٥دا هاتە هەڵوەشاندنەوە. فیدراسیۆنی کۆمۆنوێڵتی هاوبەش لە ساڵی ١٩٣٢ وەک پارتێکی سۆشیالیستی کشتوکاڵی دامەزراوە. یەکەم پلاتفۆرمی مانیفێستی شاری ڕیجاینا بوو کە لە ساڵی ١٩٣٠ پەسەندکرا. فیدراسیۆنی کۆمۆنوێڵتی هاوبەش بە

درێژایی ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٤ لەنێو کرێکارانی پیشەسازیدا ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. لە ساڵی ١٩٤٤ باڵی هەرێمی ساسکاچوانی حیزبەکە یەکەم حکومەتی سۆشیالیستی لە کەنەدا پێکهێنا و تا ساڵی ١٩٦٤ لە دەسەڵاتدا مایەوە. حیزبی دیموکراتی نوێی کەنەدی لە ساڵی ١٩٦١ دامەزرا، وەک یەکگرتنی فیدراسیۆنی کۆمۆنوێڵتی هاوبەش و بەرژەوەندییەکانی کۆنگرەی کرێکارانی کەنەدا. لە کۆتایی کۆنگرەی پێنج رۆژەی دامەزراندنیدا کە بەرنامە و سیاسەت و پێکهاتەکانی (هەیکەلەی) دامەزراند و تۆمی دۆگلاس، سەرۆکوەزیرانی ماوە درێژی فیدراسیۆنی کۆمۆنوێڵتی هاوبەش لە هەرێمی ساسکاچوان، وەک یەکەم سەرکردەی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. لە کاتێکدا حیزبی دیموکراتی نوێ لە هیچ هەڵبژاردنی فیدراڵیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە کۆی دە هەرێم؛ لە شەشیان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. حیزبی دیموکراتی نوێ لە پێشەکی پەیڕەوی ناوخۆیدا خۆی وەک حیزبیکی سۆشیالیستی وەسف کردووە. حیزبی دیموکراتی نوێ نایەوێت ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی کەنەدا بکرێت و ڕێگای شۆڕش ناگرێتە بەر، بەڵکوو تەنیا دەیەوێت چاکسازی لە سیستەمی سەرمایەداریدا بکات، وەک چاکسازی لە چاودێری تەندروستی گشتگیر، خانەنشینی، مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی و.. تاد. زۆرێک لە هەڵسوڕاوە سۆسیالیستەکان لە وڵاتی کەنەدا هەوڵیان داوە لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی پەرلەمانیی بۆرژوازی خۆیان ڕێکبخەن، چونکە پێیان وایە چەمکی سۆشیالیزم زۆر ڕادیکاڵترە لە سیاسەتی سۆسیال-دیموکراسی یان فیدراسیۆنی کۆمۆنوێڵتی هاوبەش یان حیزبی دیموکراتی نوێی کەنەدا. هەندێک لەو ڕێکخراوە سۆشیالیستییانە ڕادیکاڵانەی کە ئەمڕۆ لە کەنەدا کاردەکەن بریتین لە سۆسیالیست ئاکشن (کەنەدا)، ئەنتەرناسیونالیزمی سۆشیالیستی (کەنەدا)، ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی (کەنەدا)، سپرینگ، کۆمەڵەی کۆمۆنیست (کەنەدا) و..تاد.)(*)

لەڕامان لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کەنەدا دەبینین کە بزووتنەوەی سۆشیالیزم لە وڵاتی کەنەدا پان و پۆڕ بووە. ئەم پان و پۆڕییەش پێویستی بزووتنەوەیەکی ڕۆژنامەگەری پان و پۆڕی لێ خواستووە. هەرچەندە ئەم نامیلکەیە وێنایەکی گشتی مێژووی ئەو بزووتنەوە ڕۆژنامەگەرییە نیشان دەدات، نەک دیتەیڵ و وردکارییەکانی ئەو مێژووە شکۆدارە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم نامیلکەیە دەتوانێت ببێتە پەنجەرەیەکی بچووک بۆ خوێنەرانی کوردزمان تا لەمیانەی ئەو پەنجەرەیەوە خەباتێک ببینن کە بەدرێژایی سەدەیەک و بگرە زیاتریش درێژ بۆتەوە و پڕە لە قوربانیدان و تێکۆشانی نەپساوە لەپێناو ژیان و بەهای ئینسانی و دوارۆژێکی گەش و پڕ لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئومێدەوارم ئەم نامیلکە ببێتە هۆی سووربوون و پێداگری زیاتری ئێمەی کوردزمان لەسەر خەباتی ڕۆژنامەگەری کرێکاریی و سۆشیالیستی لەپێناو وەدیهاتنی ئامانجە هەرە بەرزەکانی ئینسان لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤

(*) بۆ نیشاندانی وێنایەکی گشتی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاریی، سوودم لە وتاری (سۆشیالیزم لە کەنەدا) لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگرتووە و چەند کۆپلەم لەو نووسینە وەرگێراوە.

https://en.wikipedia.org/wiki/Socialism_in_Canada#Revolutionary_socialism

# ڕامانێکی خێرا

## لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستیی وڵاتی کەنەدا

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٤**

بزووتنەوەی کرێکاریی و سۆشیالیستە هەڵسوڕاوەکانی لە وڵاتی کەنەدا هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە کە دێنە مەیدان، خەمی گەورەی ئەوەیان بووە کە دەنگیان بگاتە کۆمەڵگە و هۆکارێکیان بەدەستەوە هەبێت کە ڕۆڵی گرنگ بگێرێت لە هۆشیارکردنەوە و یەکگرتووکردنی کرێکاران. بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە بڵاوکردنەوەی نامیلکە و کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤاریان بە گونجاوترین ئامرازی شۆڕشگێرانە زانیوە و دەستیان بۆ بردووە. ئەم ئامرازە شۆڕشگێڕانەیە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی و سۆشیالیستیی لە کەنەدا؛ پێ بە پێی گەشەی بزووتنەوەکە؛ گەشەی کردووە یانیش دووچاری ڕێگری و وەستان بووەتەوە. سەرمایەدارانیش بەهۆی ئەو ئیمکانات و توانایییەی کە هەیانبووە لەلایەک دژایەتی بڵاوکراوەکانیان کردووە و لەلایەکی تریشەوە کۆشاون کرێکاران فریو بدەن و ڕیزەکانیان پەرش و بڵاوتر بکەن و گرفتاری خۆشباوەڕییان بکەن بە پەیمان و بەڵێنە درۆیینەکانیان. بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران لە وڵاتی کەنەدا کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ( ١٨١٦) دەست پێدەکات، بزووتنەوەیەکە پشت ئەستوور بە ئەزموون و تێکۆشانی چینی کرێکاری بەریتانیا و ئەمەریکا، لاپەڕەکانی مێژووی خۆی تۆمار کردووە. بۆ تۆمارکردنی ئەم مێژووە پڕ لە سەروەرییە ڕۆژنامەگەری کرێکاری و سۆشیالیستیی پشکی شێریان بەر دەکەوێت. بە ئاوڕدانەوە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری بزووتنەوەی کرێکاریی و سۆشیالیستیی کەنەدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ نزیک بە ٢٠٠ بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤاری کرێکاریی و سۆشیالیستیی لە کۆی زیاتر لە ٥٥٢ ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوبووەوەی نێوخۆی کەنەدا، بڵاوبوونەتەوە. هیچ شارێکی گەورەی کەنەدا نەبووە کە گۆڤارێکی سۆشیالیستیی بەیەکێک لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و هەندیکجار بە زمانەکانی تریش بڵاو نەکاتەوە. من هەوڵ ئەدەم لەم نامیلکەیەدا زۆر بە کورتی ئاماژە بەو ڕۆژنامە و گۆڤارە سۆشیالیستی و کرێکارییانە بکەم کە لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت بەردەستن، کە دڵۆپێکن لە دەریایەکی گەورە و بەرین. هەڵهێنانەوەی ئەم هەنگاوە سەرەتاییە بە زمانی کوردی زۆر باشترە لە هیچ. لانی کەم ئەم هەوڵە دەتوانێت بیرۆکەیەک لای خوێنەرانی کوردزمان بدات بەدەستەوە کە لە وڵاتێکی وەکو کەنەدا، کە ئەمڕۆ بە ڕووگەی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی جیهان دێتە ئەژمار، ڕۆژنامەگەری کرێکاریی و سۆشیالیستیی چۆن و بە چ جۆرێک لەو وڵاتە هاتۆتە مەیدان و چ هەوراز و نشێوییەکی بڕیوە؟ ئەگەرچی ئەم نووسینە ناچێتە نێو وردکاری ئەو پرۆسە مێژووییەوە، بەڵام هەوڵ دەدات لانی کەم وێنایەکی گشتی لەسەر ئەو بزووتنەوەیە بەپێی توانا بدات بە دەستەوە.

### ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی کەنەدا لە سەرەتاوە تا قاتوقڕییە گەورەکە

### ١٨١٦ — ١٩٣٠

چینی کرێکاریی کەنەدا، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لەگەڵ هاتنی هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ سەر خاکی کەنەدا و هاتنی کۆمپانیا بازرگانییەکان و گەڕان بەدوای کانزا و سامانە سروشتییەکان، دانان و کردنەوەی دەیان کارگە وای کرد کرێکاران وەکو چینێک نەشونما بکات. واتە چینی کرێکار کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لە وڵاتی کەنەدا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی مانیفاکتۆرە و پیشەسازی لە ئەمریکای باکوورەوە سەرهەڵدەدا. لەو کاتەدا باو بوو کە زۆرێک لە کەنەدییەکان وەک جووتیار و ماسیگر و کاری دەستی سەربەخۆ؛ خۆیان بژێینن. چینی کرێکاری کەنەدا زۆر بە زەحمەت لەدایک بوو. چونکە هەر لەو سەردەمە( واتە سەدەی نۆزدە) نەقابە و یەکێتییە کرێکارییەکان، بچووک و ناکاریگەر و لۆکاڵ و تەنانەت قەدەغەش بوون. کرێکارانی تازە هاتوو و نیشتەجێی کەنەدا( کرێکارانی کۆچبەر) کرێکارانێک نەبوون هەڵگری یەک باکگراوند و لە یەک پێشینە و نەریت و زمان و خاکەوە هاتبێتن، بەڵکو ئەو کرێکارانە هەر یەک لە وڵاتێک و سەر بە نەتەوەیەک و ئاینێک و تەنانەت سەر بە کلتوورێکی جیاوازیش بوون. ئەمە یەکێک بوو لە خاڵە لاوازەکانی ئەو چینە کە هەر لەسەرەتای شکڵگرتنییەوە بەدەست جیایی و تەفرەقەوە دەیناڵاند. لەملاشەوە جێپێ قایمکردنی سەرمایەداری لە کەنەدا و یەکگرتنی هەرێمەکان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی وڵاتی کەنەدا و تۆخکردنەوەی روحی کەنەدی بوون و بەهێزکردنی هێزەکانی پۆلیس و سوپا و برەودان بە ئایین و کلتوور و دەستگرتن بە نەریتە باو و کۆنەکانی میللەتان تا دەهات تەرازووی هێزەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی لە کەنەدا تووندتر دەکردەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا چینی کرێکاری کەنەدا لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەی کرد. لە بەریتانیا و ئەوروپاوە، سەدان هەزار کەس ڕوویان لە شارە تازە گەشەسەندووەکانی کەنەدا کرد. زۆربەی کرێکاران ژیانێکی مەمرە و مەژییان هەبوو، تا ساڵانی ١٩٢٠ زۆربەی کرێکاران لە دۆخێکی دارایی باشتردا نەبوون لە نەوەکانی بەر لە خۆیان، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕێکخستنی کرێکارانی کەنەدا دەست پێدەکات و فیدراسیۆنی کرێکارانی کەنەدا بە ڕابەری جان فلێت توانی نزیک بە ژمارەیەکی زۆر نەقابە لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ دروست بکات. (١) پاشان بزووتنەوەی کرێکاریی لەگەڵ فراوانتر و پانوپۆڕتر بوونیدا، ئاستی خەباتەکەشی چووە سەر. ئەم خەباتەش پێویستی بە ئامرازی خەباتکارانە هەبوو تا کرێکاران هوشیار و یەکگرتوو بکات. لێرەوە سیحری ڕۆژنامە و گۆڤاری شۆڕشگێرانە دەردەکەوێت و بایەخەکەشی لەو خەباتە چینایەتییەدایە کە کرێکاران بە خوێنی خۆیان دەینەخشێنن. دەبێت ئەوەشمان لا ڕوون بێت کە لەسەرەتای بزووتنەوەکەوە ١٨١٦ ئەو هۆشیارییە چینایەتییە بەپێی پێویست بوونی نەبووە تا بتوانن خۆیان ڕێک بخەن و دەست بدەنە خەبات، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە وردە وردە ئەو هۆشیارییە چینایەتییە پەرە دەستێنێ و ئەو خەباتە دەچێتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازی و سەرمایەداران و دەسەڵاتی حکومەتی کەنەدا. بۆیە ئەو ماوەیە کە نزیک بە حەفتا ساڵ دەبێت ڕۆژنامە و گۆڤاری سۆشیالیستی و پرۆلیتاریی یان لەئارادا نەبوونە، یانیش ئەوەی هەبووە زۆر لاواز و گۆشەگیر بووە . بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەتایبەتیش لە ساڵی ١٨٩٩ مێژوویەکی ڕوون و دیار دەست پێدەکات، مێژوویەک کە ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و سیاسەتی خەباتکارانەی سۆشیالیستەکان بەجۆرێک ئاوێزانی ژیان دەبێت کە هەتا ئەم چرکەساتەی من ئەم نووسینە کورتەی خۆمی تیا دەنووسم ، کۆمەڵگەی کەنەدی قەرزاری ئەو خەبات و تێکۆشانە چینایەتییەیە. بۆ زیاتر نزیکبوونەوەمان لە مەبەستی نووسینەکە من هەوڵ دەدەم بەپێی تێگەیشتنم بۆ ئەو مێژووە، چەند تێبینییەکی خۆم بخەمە بەرچاو:

یەکەم : سۆشیالیستەکان کەسانێکی دەرەوەی چینی کرێکار نەبوون، ئەوان خۆیان کرێکاری کارگە و ڕشتە جۆربەجۆرەکان بوون و نموونەیەکی زیندووی نێو خەباتی چینایەتی بوون. واتە کەسانی نامۆ نەبوون بە پرۆلیتاریای کەنەدی، بەڵکوو بەگشتی ڕێکخەر و ڕابەری سیاسی و عەمەلی کرێکاران بوون.

دووەم : حیزبە سیاسییە سۆشیالیستییەکان و چینی پرۆلیتاریا دوو جەمسەری بەرامبەر بەیەک نەبوون. بەڵکوو یەک جەمسەر بوون دژ بە بۆرژوازی کەنەدی. ڕابەرە کرێکارییەکان و بەرپرسانی حیزب هەر هەمان ئەو هەڵسوڕاوە سۆشیالیستانە بوون کە سۆشیالیزمیان وەک دوائامانجی خەباتی چینایەتی دەناسی.(٢)

سێیەم : قۆناغی ئەو سەردەمە قۆناغی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی سۆشیالیستی بوو. سەرەتای ئەو بزووتنەوە سۆشیالیستییە زۆر ڕادیکاڵانە و کۆمۆنیستانە بوو. مارکسیزم لەنێو ئەو بزووتنەوەیە ئامادەیی بەردەوام و فراوانی هەبوو.

چوارەم : بەحوکمی باوەڕی ئینتەرناسیونالیستی هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و سۆشیالیستی، سنوورە دەستکردەکانی سەرمایەدارن نەیتوانیوە ببنە ڕێگری جیددی لەبەردەم هەڵسوڕان و ڕێکخەرانی بزووتنەوەی کرێکاریی و سۆشیالیستیی نێوان وڵاتان بەگشتی و هەردوو وڵاتی ئەمریکا و کەنەدا بەتایبەتی. بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە دەبینین ڕێکخراوێک یان ڕۆژنامەیەک بە هەمان ناو لە زیاد لە وڵاتێک بوونی هەیە و هەروەها تێکەڵاوی هەڵسوڕاوان بەتایبەتی لە نێوان هەڵسوڕاوانی ئەمریکا و کەنەدا زۆر دیار و بەرچاوە.

پێنج : سۆشیالیستەکان و هەڵسوڕاوانی چینی کرێکاری کەنەدا خاوەن ئەزموونێکی مێژوویی چینایەتی نەبوون. لە زۆربەی بوارەکاندا وەک مانگرتن و ڕێکخستن و ڕۆژنامەگەری و خۆپێشاندان و ..تاد، پێویستییان بە قاڵبوونەوەی زیاتر هەبوو.

بەمجۆرە، ئەو بزووتنەوە چینایەتییە دەستی کرد بە چالاکی و هەڵسوڕان و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کرێکارییەکان و کە ئەمانەی خوارە بەشێکن لەو بڵاوکراوە شۆڕشگێڕ و سۆشیالیستانەی کە لەو قۆناغە بڵاوبوونەتەوە.

یەک : ڕۆژنامەی ستیزن ئەند کەنتری Citizen and Country Newspaper؛ ڕۆژنامەیەکی سۆشیالیستیی بوو بەڵام مارکسیستی نەبوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن جۆرج ڕیگلییەوە سەرپەرشتی دەکرا. دەنگی بزووتنەوەیەکی نوێ بوو، دەنگی کۆمەڵەی سۆشیالیستی کەنەدا بوو لە شاری تۆرۆنتۆ، کە لە ساڵی ١٨٩٩ پێکهاتبوو، ڕیگلی و هاوکارەکانی بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە پابەند بوون بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەکان. ئەو پابەندبوونە ماوەی دوو ساڵی خایاند تا بەرەو مارکسیزمی بردن. پاشان ڕۆژنامەی ستیزن ئەند کەنتری دوای ئەوەی لەلایەن ڕیچارد پارمەتەر پێتیپیسەوە کڕدرا، دەبێت بە ڕۆژنامەی سۆشیالیستەکانی کەنەدا و دوواتریش لە ساڵی ١٩٠٤دا بوو بە ڕۆژنامەی وێستەرن کلاریۆن، ڕۆژنامەی دەنگی حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا.

دوو : ڕۆژنامەی لاردوو ئیگڵ Lardeau Eagle Newspaper ڕۆژنامەی کرێکارانی کانەکانی کەنەدا بوو و لەساڵی ١٩٠٢ بڵاو دەکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە پشتیوانی کۆمەڵەی سۆشیالیستی کەنەدای دەکرد.


LARDEAU EAGLE

**سێ : ڕۆژنامەی زە کلاریۆن The Clarion Newspaper ؛ کە لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری ڤانکووڤەر بڵاودەکرایەوە، سەرنووسەرەکەی ی.ت. گینگزلی بوو. ئەم ڕۆژنامەیە هەموو هەفتەیەک سیاسەتی مارکسیستی دەخستە بەردەم سۆشیالیستەکانی سەدان شار و شارۆچکەی وڵاتی کەنەدا، ئەو شوێنانەی کە پۆست دەیگەیشتێ، بەڵام ڕێکخەران و هەڵسوڕاوان نەیاندەتوانی پێی بگەن. بە هۆی بوونی ڕۆژنامەی کلاریۆن وەک ڕێکخەرێکی سەرەکی کرێکاران و سۆشیالیستەکان، حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا گەشەی کرد و ژمارەی ئەندامانی گەیشتە زیاتر لە ٣٠٠٠ ئەندام. پاشان حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا ڕۆژنامەی وێسترن کلاریۆنی لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو،دوو هەفتە جارێک بڵاودەکردەوە. ڕۆژنامەی زی کلاریۆن نەک هەر لە ڕۆژئاوا ، بەڵکو لە هەر چوار گۆشە و کەناری وڵاتی کەنەدا لەژێر ناوی جیاجیا بڵاوکراوەتەوە ، وەکو وێسترن کلاریۆن، نۆرثرێن کلاریۆن، زی کلاریۆن دیموکراتیک و ..تاد.**


THE CLARION

EARLY SETTLERS IN HALIFAX TOLD IN CHURCH HISTORY


WESTERN CLARION

War in the Pacific—What For?

چوار : (هەفتەنامەی کۆتۆن Cotton’s weekly) ئەم هەفتەنامەیە لەلایەن پارێزەرێکی گەنجەوە بەناوی و.ی.کۆتۆن لە شاری کوانسڤیل لە هەرێمی کوبێک لە کەنەدا لەژێر کاریگەری ڕۆژنامەی سۆشیالیستی ئەمریکیی Appeal to Reason) هاتە دامەزراندن. (٣) هەفتەنامەی کۆتن بەردەوام بانگەشەی بۆ ماف و مافی دەنگدانی ژنان کرد، لە کاتێکدا کە حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا لەم پرسەدا بێدەنگ بوو. لە ساڵی ١٩١١ ئەم هەفتەنامەیە بە فەرمی بووە ئۆرگانی حیزبی سۆشیال دیموکرات کە لە حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا جیا بوونەوە. ساڵی ١٩١٣ هەفتانە ئەم بڵاوکراوەیە ٣٠٠٠٠ دانەی لێ فرۆشراوە.

پێنج : ڕۆژنامەی زە ڕێد فلاگ Red Flag Newspaper ؛ لە ساڵی ١٩١٨ لە ترسی بەرزبوونەوەی خەباتی بێوچانی چینی کرێکار، حکومەتی کەنەدا بریاری قەدەغەکردنی ڕۆژنامە سۆشیالیستییەکانی دەرکرد. وێستەرن کلاریۆن و کەنەدییەن فۆرووۆرد (جێگرەوەی هەفتەنامەی کۆتۆن) لەنێو ئەو بڵاوکراوانە بوون؛ کە قەدەغە کران. بەڵام بیروباوەڕ بە فەرمانی هیچ حکومەتێک ناتوانرێت بوەستێنرێت. هەفتەنامەی کلاریۆن بەناوێ (ڕێد فلاگ - ئاڵای سوور)ەوە هاتە مەیدان و دەرکەوتەوە. ڕێد فلاگ - ئاڵای سوور وەکوو ڕۆژنامەکانی تر (زە سۆڤییەت و زە سێرچ لایت) یارمەتیدەر بوو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی ڕووسیا و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لیۆن ترۆتسکی و لینین.


The RED FLAG

Monthly Organ of the British Section, International Left Opposition.

Number One. Vol. I. One Penny. May 1933

FOR LENIN AND TROTSKY!

On The Anti-Fascist Front.

A LETTER FROM GERMANY.

Why The RED FLAG Appears

TO REGENERATE REVOLUTIONARY MOVEMENT.

شەش : ڕۆژنامەی زە ۆرکەر The Worker Newspaper؛ ئەو کرێکارە ڕادیکاڵانەی کە شۆڕشی ڕووسیا سەرنجی ڕاکێشابوون، لە ساڵی ١٩٢١دا تێکەڵ بە پارتی کۆمۆنیستی کەنەدا بوون. لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کۆمۆنیستی لە کەنەدا. ڕۆژنامەکە سەرەتا ناوی ۆرکەرس ۆرڵد بوو، پاشان بوو بە ۆرکەرس گارد و دواجار بە سادەیی ناونرا زە ۆرکەر. ئەم ڕۆژنامەیە هەرچەند وەک ڕۆژنامەکانی پێش خۆی وا بوو، بەڵام زۆریش جیاواز بوو. سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەکە جەختیان لەسەر پڕوپاگەندەی سۆشیالیستیی بە گشتی و جەماوەریبوونەوەی تیۆری مارکسیزم بەتایبەتی دەکردەوە بەئەندازەیەک کە زۆرجار بە هیچ شێوەیەک باسی ڕووداوەکانی ڕۆژ نەدەکرا. ڕۆژنامەکە وتارە گشتییەکانی تایبەت بە سۆشیالیزم لەسەر خەباتی چینایەتی لەخۆ دەگرت. مۆریس سپێکتەر، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەڵێت (تەنها لە ڕێگەی ئەزموونە جەماوەرییەکانیان دژ بە نیزامی سەرمایەداری لە خەباتی ڕۆژانەدا، چینی کرێکار لەلایەن پێشەنگەکانییەوە بۆ خەبات بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاری کۆدەکرێنەوە. ئەمەش بەناچاری خەبات بۆ دەسەڵاتی سیاسی لەدەرەوەی خەبات بۆ نان، قەراری گرتووە.) لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆژنامەی زە ۆرکەر دەنگی خەباتی چینایەتی بوو. شەڕی بۆ کرێکارانی کانەکانی هەرێمی نۆڤا سکۆشیا دەکرد کاتێک حکومەتی سەرمایەداری کەنەدا لە ساڵی ١٩٢٣ هێزی نارد بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران، شەڕی بۆ بەرەیەکی یەکگرتووی هەموو ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەکرد. بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکرد. (ڕەنگە فێمینیستەکانی ئەمڕۆ سەریان سوڕمابێت کە بزانن کە ڕۆژنامەی زە ۆرکەر لە ساڵانی ١٩٢٠دا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی دژە لەباربردن بووە).لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕۆژنامەی زە ۆرکەر حیزبی بنیاتنا. ئەو کارانەی ئەنجامدرا کە بۆی دامەزرا بوو، بنیاتنانی بزووتنەوەی ڕووخاندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزم لە کەنەدا و لە سەرانسەری جیهاندا. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، گۆڕینی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا لە حیزبێکی شۆڕشگێڕەوە بۆ حیزبێکی ستالینی، کاریگەری ئەم گۆڕانە لەسەر ڕۆژنامەی زە ۆرکەرش هەبوو. دوای دەرکردنی سپێکتەر لە حزبەکە لە ساڵی ١٩٢٨، کێرڤی جەماوەری ڕۆژنامەکە بە خێرایی بەرەو ئاستێکی خراپ ڕۆیشت، چونکە سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەکە هەوڵیان دەدا سیاسەتەکانی ستالین بۆ زمانە فەرمییەکانی کەنەدا ( ئینگلیزی و فەرەنسی) وەربگێڕن.


For the Worker! One Fight! One Foe! One Front! One Victory!

THE WORKER

AN ORGAN OF REVOLUTIONARY WORKING CLASS EXPRESSION

Urge All Labor "Strike!"

## له قاتوقڕییه گەورەکەوه تا نیوەی دووەمی دەیەی شەستەکان

**۱۹۳۰ - ۱۹٦٤**

**قاتوقڕییه گەورەکه چیبوو وا توانی کۆمەڵگەی کەنەدا بهەژێنێت و گاریگەرییەکی گەوره لەسەر تەواوی چین و توێژه کۆمەڵایەتییەکان دابنێت؟ قاتوقڕییه گەورەکەی سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو شۆکێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیهانیی بوو. کەم وڵات هەبووه بەقەد کەنەدا کاریگەری توندی لەسەر بووبێت. به ملیۆنان کرێکاری کەنەدیی بێکار و برسی کران و زۆرجار بێ ماڵ و حاڵیش بوون. ئەو دەیەیه بەهۆی وشکەساڵییەکی لەڕادەبەدەری هەرێمەکانی ناوەڕاستی کەنەدا که سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دانەوێڵه بوون و هەروەها بەهۆی پشتبەستنی کەنەدا به کەرەستەی خاو و هەناردەکردنی بەرهەمی کێڵگەکان، بووه هۆی لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرفراوانی هەلی کار و ئەمەش پاشەکەوتی وڵاتەکەی گۆڕی. ئەو ڕووداوەی به خراپی ئابووری گەورەی دەستپێکرد، داڕمانی بازاڕی بۆرسه بوو که له پاییزی ساڵی ۱۹۲۹ ڕوویدا. له ماوەی چەند هەفتەیەکدا زۆرێک له کۆمپانیا گەوره و گرنگەکان بەشێکی زۆری بەهاکانیان لەدەستدا. بازاڕی بۆرسه داڕما، چونکه کۆمپانیاکان کاڵایان زۆر بەرهەمهێنا و نرخی کاڵاکان دابەزی. خواستێکی کەم و دابینکردنی زۆر بوو. هەر زوو دوای داڕمانەکه، زۆرێک له بازرگانەکان مایەپووچ بوون و دەیان هەزار کرێکاری کەنەدیی کارەکانیان لەدەستدا. ئەمەش دۆخه ئابوورییەکەی هێندەی تر خراپتر کرد. خەڵک پارەیان نەبوو بۆ خەرجکردن. بۆیه بازرگانەکان زیاتر ئیفلاس بوون. کاتێکیش بازرگانەکان زیاتر مایەپووچ بوون، خەڵکی زیاتر کارەکانیان لەدەستدا و برسی تر بوون. ئەم قاتوقڕییه بووه هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوه سیاسییه پۆپۆلیستییەکان. ڕۆژنامه کرێکاریی و سۆشیالیستەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان بینی له ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخه ئابوورییه خراپەی بەسەر چینی کرێکاری کەنەدادا هات. لەم ئەتمۆسفیر و هەلومەرجه قەیراناوییەی کۆمەڵگەی کەنەدا، ژمارەیەک بڵاوکراوه هاتنه وەشاندن. ئەمانەی لای خوارەوه ژمارەیەک لەو ڕۆژنامه و گۆڤارانەن کەلەو ماوەیه و پاشتریش هاتوونەته بڵاوبوونەوه.**

**حەوت : گۆڤاری زه میلیتانت The Militant Magazine؛ نەریتی ڕۆژنامەگەری شۆڕشگێڕانه لەلایەن ئەو کۆمەڵه بچووکه ترۆتسکییانەی که لەگەڵ سپێکتەر دەرکرابوون، زیندوو ڕاگیرا. ئەوان لەگەڵ هاوبیرەکانیان له ئەمریکا له بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زه میلیتانت هاوکاریان کرد. له یەکەمین ژمارەیدا دەرکردنی مەوریس سپێکتەری ڕاگەیاند و له ژمارەی دوواتریش مەوریس سپێکتەر وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەکه دەستنیشانکرا. (٤) له ساڵانی دوواتردا گۆڤاری میلیتانت بەردەوام ڕاپۆرتەکانی لەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی و سیاسەتی چینی کرێکاری کەنەدا بڵاودەکردەوه. هەرچەنده فرۆشتنی گۆڤاری زه میلیتانت له کۆتاییدا جێگەی ڕەزامەندی نەبوو، بەڵام بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەک لێرەدا پێویست بوو گۆڤارێکی دەوری تر بڵاوبکرێتەوه. هەر که سەرچاوەی ڕێکخراوەیی و دارایی ئامادەکرا، گۆڤارەکەش لەدایک بوو.**




هەشت : گۆڤاری یەنگ سۆشیالیست فۆرم Young Socialist Forum Magazine؛ ئەم گۆڤارە وەک بڵاوکراوەی باڵی چەپی لاوانی دیموکراتی نوێ لەدەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هاتە وەشاندن. پێشتریش گۆڤارەکە بە فەرمی لەلایەن حیزبی کرێکارانی سۆشیالیست و یەکێتیی گەنجانی سۆشیالیستی سەربەخۆ، لە نیوەی دووەمی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوکراوەتەوە.



نۆ : ڕۆژنامەی کەنەدییەن لەیبر دیفێندەر Canadian Labour Defender Newspaper ؛ ئەم ڕۆژنامەیە لەسەردەمی قاتوقڕییە گەورەکەی کەنەدا لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەبەرامبەر هێرشەکانی سەرمایەداران و بۆرژوازی کەنەدی هاتە مەیدان و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لە بەرگریکردن لە کرێکاران و خەڵکی هەژاری کەنەدا.


CANADIAN LABOR
DEFENDER
AGAINST WAR AND DEPORTATIONS!
HOW WE WERE KIDNAPPED AND SPIRITED AWAY TO HALIFAX

دە : گۆڤاری زە وێسترن سۆشیالیست The Western Socialist Magazine؛ گۆڤاری سۆسیالیزمی زانستی لە نیوە ڕۆژئاوای گۆی زەوی بڵاودەبۆوە. ئەم گۆڤارە؛ گۆڤارێکی ئاسایی پارتی سۆشیالیستی کەنەدا بوو لە ساڵی ١٩٠٣ دەستی پێکرد پاشان لە ساڵی ١٩٣٣ بوو بە گۆڤاری پارتی سۆشیالیستی ڕووسیا و ئینجا لە ساڵی ١٩٣٩ بوو بە بڵاوکراوەیەکی هاوبەش لەگەڵ پارتی سۆشیالیستی ئەمریکا و لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش گۆڤارەکە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی سۆشیالیستی کەنەدا و لە ساڵی ١٩٨٠ دا لە بڵاوبوونەوە دەوەستێت.




یانزە : ڕۆژنامەی سۆشیالیست ئاکشن Socialist Action Newspaper ، ڕۆژنامەیەکی سۆشیالیستیی بوو لەساڵی ١٩٣٨ هاتە وەشاندن. ڕۆژنامەکە ئۆرگانی فەرمی هاوپەیمانی کرێکارانی سۆشیالیستی کەنەدا بوو، هاوپەیمانی کرێکارانی سۆشیالیستی کەنەدا هێشتا باش پێی خۆی لەسەر زەوی قایم نەکردبوو؛ کاتێک جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد. بڕیارنامە سەبارەت بە کاریگەری جەنگ و لێکەوتەکانی پشتگیری بوو لە سیاسەتەکانی هاوپەیمانی کرێکارانی سۆشیالیست کەنەدا.(٥) هەر بۆیەش ڕۆژنامەی سۆشیالیست ئاکشن قەدەغە کرا، بەڵام بزووتنەوەی ترۆتسکیزمی کەنەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بوو لە بڵاوکردنەوەی ژمارە نایاساییەکانی ڕۆژنامەی سۆشیالیست ئاکشن لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا.


FOR LABOR CANDIDATES AGAINST BOSSES

Socialist Action

SHARPENING CRISIS CRACKS OLD TWO PARTY SYSTEM


SOCIALIST ACTION

SCARBORO S.W.L. OFFERS PROGRAM FOR JOBLESS

Scarboro Jobless Struggle

**دوانزە : گۆڤاری زە میمۆگرافد** The mimeographed magazine **گۆڤارێکی نارێک بوو و دابەشکردنیشی سنووردار بوو، بەڵام لە کاتێکدا جەنگی جیهانیی دووەمدا بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارەکە توانی دەنگی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە بۆ دژایەتیکردنی ئەو جەنگە جیهانییە نەگریسە لە دەوری یەک کۆبکاتەوە.**




**سیانزە : گۆڤاری ماسس** Masses Magazine **؛ ئەم گۆڤارە لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو هاتە وەشاندن. یانەی هونەرە پێشکەوتنخوازەکانی(٦) شاری تۆرۆنتۆ لە ئاستی ئەم ئەرکەدا بوو. کۆمەڵێ نووسەر و هونەرمەند و کارتۆنیست و دراماتۆر لە پاییزی ساڵی ١٩٣١ەوە دەستیان کرد بە خولقاندنی هونەری کەنەدی بەڵام بە ئاشکرا شۆڕشگێڕانە. حیزبی کرێکارانی کەنەدا هەوڵیدا سەرنجی کرێکاران بەرەو بەرهەمە کولتوورییە چینایەتییەکانی خۆیان ڕابکێشێت. ساڵی دوواتر، واتە ساڵی ١٩٣٢ یانەی هونەرە پێشکەوتنخوازەکانی کەنەدا لقەکانی لە شارەکانی مۆنتریال، ڤانکووڤەر، وینیپێگ و هالیفاکس دامەزراند و گۆڤارێکی نوێشی بە ناوی (نیو ماسس)ەوە بڵاوکردەوە.**






چوارده : ڕۆژنامەی زە پاسیفک تریبون The Pacific Tribune Newspaper ؛ ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو و لە سەرەتادا لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا بە ناوی (هەواڵی کرێکارانی بریتش کۆڵۆمبیا)ەوە لە ساڵی ١٩٣٥دا، هاتە دامەزراندن، پاشان ڕۆژنامەکە لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە لە ژێر ناوی پاسیفک تریبون برتش کۆڵۆمبیا و بۆ ماوەی چل و چوار ساڵ بەردەوام بووە. ڕۆژنامەکە بابەتگەلی ئاسایی لەبارەی فیدراسیۆنی کرێکارانی بریتش کۆڵۆمبیا و سەندیکا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕبەخشەکان و دەنگدەرانی پێشکەوتنخواز لە ڤانکووڤەر (٧) و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی چاکسازی شارەوانییەکان لە شارەکانی دیکە؛ ئەو ڕێکخراوە سەرەکییانەی کە لەبری خەڵکی نەیتیڤی کەنەدی قسە دەکەن؛ بڵاو دەکردەوە. ڕۆژنامەکە هەڵمەتەکانی دژە جەنگ وەک دژایەتی شەڕی ڤێتنام و دوواتر کۆتاییهێنان بە پێشبڕکێی چەک؛ و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسانی لە کۆمیونیتییە ڕەگەزپەرستەکانی وەک باشووری ئاسیا و چینی- کەنەدیی، بەڕێوە بردووە. ڕۆژنامەی پاسیفک تریبون کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکومەتی برتش کۆڵۆمبیا بە درێژایی سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەبووە، هەورەها پشتگیرییەکانی بۆ دیدێکی سۆشیالیستی سەبارەت بەو پرسانەی کە چینی کرێکار ڕووبەڕووی دەبنەوە، کۆکردۆتەوە. بە ڕووماڵکردنی قووڵی ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕابەرایەتی خەباتی چینایەتی دەکەن، ئەم ڕۆژنامەیە توانی دیدگایەک پێشکەش بکات کە بە دەگمەن لە ڕۆژنامە گەورە و فەرمییەکانی کۆمپانیا بۆرژوازییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.


Pacific TRIBUNE

Evidence was ignored

CCL UNIONS DEMANDING CLEMENS CASE REVIEW

پانزە : ڕۆژنامەی لەیبر چالنج Labor Challenge Newspaper ؛ لە یەکەم دەرفەتدا کاتێک ترۆتسکیستەکانی کەنەدا هێزەکانیان کۆکردەوە، ڕۆژنامەیەکی نوێی گشتییان بە ناوی "لەیبەر چالنج" لە ساڵی ١٩٥٥ بڵاوکردەوە، ئەمەش وەک سەرپێچیکردن لە سانسۆرەکانی سەردەمی جەنگ. ڕۆژنامەکە هەر بەردەوام بوو، کاتێک شەڕ کۆتایی هات، بووە جێگەی سەرنجی بزووتنەوەی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕی کەنەدی. پاشان ڕۆژنامەی لەیبر چەلەنج دەبێتە فەرمی و لە شاری تۆرۆنتۆ لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٣ بڵاودەبێتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەندێکجار هەفتانە و هەندێجاریش دوو هەفتە جارێک بە ١٢ تا ١٦ لاپەڕە بڵاوبۆتەوە.


labor Challenge

Report of gov't commission on women bolsters campaign for free abortion

شانزە : ڕۆژنامەی ئۆڵد موڵ Old Mole Newspaper لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هێزێکی نوێ دەستی کرد بە هەنگاونان بەرەو بیر بۆچوونەکانی بزووتنەوەی ترۆتسکیستی نێودەوڵەتی. لە کەنەدا کۆمەڵێک لەم شۆڕشگێڕە گەنجانە لە ساڵی ١٩٧٢دا وەک ڕۆژنامەیەکی ترۆتسکیستی ئۆڵد مۆل و دوواتر (زە میلیتانت)یان بڵاوکردەوە، شایانی باسە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە بەشی ئینگلیزی کەنەدا دوو ڕۆژنامە هەبوون، هەردووکیان بەرگرییان لە سیاسەتەکانی ئینتەرناسیوڵی چوارەم دەکرد، کێبڕکێییان لەگەڵ یەکتردا دەکرد بۆ خوێنەران.




## لاربوونەوە لە هێڵی سۆشیالیزمەوە بەرەو خەڵکگەرایی

### ١٩٦٤ – سەدەی بیست و یەک

ئاشکرایە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کەنەدی لەبەرامبەر هەوڵ و تێکۆشانی سۆشیالیستەکان و کرێکارانی پێشڕەوی کەنەدیی نەک هەر دەستەووەستان ڕانەوەستاون، بەڵکو بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان کردووە کە ئەم بزووتنەوە سۆشیالیستییەی پرۆلیتاریای کەنەدا سەرکوت بکەن یان بەلاڕێیدا بەرن. ئەگەر سەرکەوتنی شۆڕش لە چین و تیئۆری سێ جیهانی ماو کاریگەرییان بەسەر تەواوی جەستەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاریی جیهانیدا هەبووە، ئەوا دەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ، دەیەی ئەو کاریگەرییە بوو. زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم بەئاسانی کەوتنە ژێر ئەو کاریگەرییە و بە دەیان و سەدان حیزب و ڕێکخراوی چەکداری لەژێر ناوی (مارکسیزم – لینینیزم یان ماویزم) پێکهاتن و گەشەیان کرد و تەنانەت بەشێکیان گەیشتنە دەسەڵاتی سیاسیش. کاریگەری ئەم لاربوونەوەیە بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی کەنەداشی گرتەوە. ئەم پرۆسەی بەدیموکراتی کردنی سۆشیالیزم لە کەنەدا بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای کەنەدای تووشی لاوازی و سستبوون و لەڕێگەلادان کردەوە. بە وشەیەکی تر، بزووتنەوەی سۆشیالیزم لە کەنەدا لە سەرەتای خەباتی سیاسی خۆیدا بەهێز و پۆزەتیف بووە و پاشان دوای نزیک بە نیو سەدە کێرڤی ئەم پۆزەتیفبوون و بەهێزبوون و ڕادیکاڵیزمە ڕوو بە خوار دەڕوات و لە باوەڕبوون بە شۆڕشەوە دادەبەزێتە خوارێ بۆ هەندێ ڕیفۆرم لە سیستەمی سەرمایەداری. جگە لەمەش ڕوودانی دوو شەپۆلی ئەنتی ڕیڤیژینیزم لە مێژووی

سیاسی کەنەدا. شەپۆلی یەکەم لە ١٩٦٤ تا ١٩٧٠ و شەپۆلێ دووەم لە ١٩٧١ تا ١٩٨١ درێژەی کێشا. ئەم شەپۆلانەش سەرئەنجامی بەریەککەوتن و ململانێی سیاسی حیزب و رێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی کەنەدا بوون. لەم ماوە زەمەنییەدا ژمارەیەک گۆڤار و رۆژنامە هاتنە وەشاندن. ئەوەی جێی سەرنجە، سەرجەم بڵاوکراوەکان پابەندبوونی خۆیان بە مارکسیزم و لینینیزم و خەباتی کرێکاران ڕاگەیاندبوو، بەڵام چەند فرسەخیش لە مارکسیزم دوور کەوتبوونەوە. با لە چەند بڵاوکراوەیەک ورد بینەوە کە ئەو ئاڵوگۆڕەیان تیا ڕوویداوە.

حەڤدە : ڕۆژنامەی پیپڵس کەنەدا دەیلی نیوز Peoples Canada Daily news؛ ژمارە یەکی لە ٢٦ ئابی ١٩٧٠ بڵاوبۆتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لەسەری نووسراوە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی چینی کرێکار و خەڵکی کەنەدایە. ڕۆژنامەکە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا( مارکسیست – لینینیست)ەوە بڵاودەکرایەوە. دروشمی سەر ڕۆژنامەکە بەمجۆرە بووە ( کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوانی جیهان، یەکگرن!). سەرباری ئەمەش ئەم ڕۆژنامەیە لەساڵی ١٩٧٩ هەفتەنامەیەکی تایبەتی بە قوتابیان و هەفتەنامەیەکی تریشی بەناوی (زە ڤۆیس ئۆف زە یوس) بڵاودەکردەوە.












هەژدە : گۆڤاری ماس لاین Mass Line magazine؛ ئەم بڵاوکراوەیە سەرەتا وەکو گۆڤار دەرچووە و پاشان بووەتە ڕۆژنامە. حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا مارکسیست لینینیست و بزووتنەوەی خوێندکارانی کەنەدا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاریان چاپ کرد؛ زۆرجار ئەمانە تەنها بۆ چەند پرسێک بوونیان هەبوو پاشان نەدەمان. بەڵام ڕۆژنامەی ماس لاین و پیپڵس کەنەدا دەیلی نیوز بە شێوەیەکی بەردەوام بڵاو دەکرانەوە.






نۆزدە : گۆڤاری پرۆگرێسف وۆرکەر Progressive Worker Magazine  لە ئەنجامی لەبەریەک ترازانی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا لە ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن ئەو ئەندامانەی کە پشتیوانی جێوشوێنی وڵاتی چین لە هەمبەر حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەتیان دەکرد، ئەم باڵە جیابووەوە لەژێر ناوی بزووتنەوەی کرێکارانی پێشکەوتنخواز و بە ڕابەرایەتی جاک سکات (٨) کەوتە چالاکی سیاسی و بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانەیدا بەناوی پرۆگرێسف وۆرکەر. پاشان هەندێ لە ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە جیا دەبنەوە و ڕۆژنامەی (نیو لیف New Leaf)، دەردەکەن.







بیست : ڕۆژنامەی سپارک Spark Newspaper؛ هەفتەنامەیەکی کۆمیونیتییە ئەفریقی و ئاسیایی و نەیتیڤەکانی خۆرئاوای کەنەدا بوو کە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا مارکسیست لینینیست بڵاو دەکرایەوە.


All the news that advances the anti-imperialist revolution

# SPARK

Weekly Newspaper of the African, Asian and West Indian Community

Hail the Fourth Anniversary of CPC(M-L)!



بیست و یەک : ڕۆژنامەی لو پەتریۆت Le Patriote Journal؛ ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی فەرەنسی لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا مارکسیست لینینیست لە هەرێمی کوبێک لە کەنەدا، بڵاو دەکرایەوە. ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە برەودان بوو بە بیروباوەڕەکانی سەرکردەی شۆڕشی چین ماو زیدۆنگ.


LE PATRIOTE

LE CANADA EST EN GUERRE

Pas de conscription

LE DISCOURS DU TRONE A OTTAWA

POUR EMPECHER LE MERCANTILISME


LE PATRIOTE

— 9 Septembre 1943 —

La Corse enfin libérée !

L'Administration du Département passe aux mains des patriotes

VITE ET BIEN!

Le jour de la libération est arrivé !

بیست و دوو : ڕۆژنامەی کەنەدییەن ۆرکەر Canadian Worker Newspaper ؛ ئەم ڕۆژنامەیە لەڕاستیدا دوو هەفتە جارێک دەردەچوو و حیزبی کرێکارانی کەنەدا لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوی دەکردەوە. ڕۆژنامەکە لەسەری نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێرانەیە). لە ساڵی ١٩٧٤دا ناوی ڕۆژنامەکە بە زمانی ئینگلیزی گۆڕدرا بۆ زە ۆرکەر و دوواتریش ڕۆژنامەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وەک هەفتەنامە بڵاودەبووەوە. لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆژنامەکە زمانەکانی یۆنانی و ئیتاڵی و پورتوگالیشی بۆ زیادکرا. شایانی باسە حیزبی کرێکارانی کەنەدا لە ساڵی ١٩٨٤ هەڵوەشایەوە و لەگۆڕەپانی سیاسەتی کەنەدا چووە دەر.


MAY DAY MARCH FOR:
Shorter Work Week — '30 for 40'
Solidarity With Quebec,
Toronto Strikes
Working Class Internationalism
Fight for Socialism

Canadian WORKER
THE REVOLUTIONARY COMMUNIST NEWSPAPER


CANADIAN WORKER

STEEL STRIKE
food for thought

THE NATIONALIST SMOKESCREEN IN QUEBEC

بیست و سێ : ڕۆژنامەی زە ۆرکەر The Worker Newspaper؛ ئەم ڕۆژنامەیە حیزبی کرێکارانی کەنەدا لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوی دەکردەوە. حیزبی کرێکارانی کەنەدا بڕیاری دا دوو مانگنامە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی بڵاوبکاتەوە. بۆ زمانی ئینگلیزی ڕۆژنامەی زە ۆرکەر و بە زمانی فەرەنسیش ڕۆژنامەی (کرێکار *L'Ouvrier* )ی بڵاوکردەوە.



Bring killer cops to justice

The Worker

Canadian Party of Labour

Socialist Albania condemns China's revisionism



L'OUVRIER

PARIS

بیست و چوار : ڕۆژنامەی نیو کەنەیدیەن New Canada Newspaper ; کاتێک ئەندامانی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی کەنەدا (٩) لە ساڵی ١٩٧٥دا لە سەرکردایەتی و کۆبوونەوەی مارکسی-لینینیست یاخی بوون، ئەندامان سەرکردایەتییان بە خراپەکاری و نادیموکراسی تۆمەتبار کرد، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوەکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ هەڵبوەشێتەوە. بەڵام ڕابەرایەتی پێشووی ڕێکخراوەکە هەوڵیدا ڕۆژنامەی (کەنەدای نوێ) لەسەر بنەمای بیروباوەڕی کۆمۆنیستی ئاشکرا دروست بکاتەوە. بەڵام ئەمە هەرگیز لە سەر ئەرزی واقیع ڕووینەدا. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئێن سی) تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش وەک دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی بازرگانی سەربەخۆ ئەو ڕۆژنامەیەیان بەردەوام بڵاو دەکردەوە.



BIG GAINS FOR CANADIAN UNIONS IN BC

NEW CANADA

Urban Renewal in Thunder Bay

بیست و پێنج : گۆڤاری لیتریچەر و ئایدیۆلۆجی Literature and Ideology Magazine ؛ ئەم گۆڤارە بۆ دەرخستن و پەرەپێدانی کلتووری چینایەتی کرێکاران، حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا مارکسیست – لینینیست لە ساڵی ١٩٦٩ بڕیاری بڵاوکردنەوەی

گۆڤاری ئەدەب و ئایدیۆلۆژیای دا کە لە ڕوانگەی مارکسیزم-لینینیزم-بیری ماو زیدۆنگەوە؛ هونەر و ئەدەب و کلتووری سەر بە ئەندێشەی ماو زیدۆنگ بڵاوبکاتەوە. گۆڤاری ئەدەب و ئایدۆلۆژیا بڵاوکراوەیەکی وەرزی بوو کە پەیوەست بەو گروپەوە بوو کە دوواتر بوو بە حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا (مارکسیست-لینینیست). لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا، گۆڤاری ئەدەب و ئایدۆلۆژیا لەگەڵ گۆڤاری ئەلایڤ یەکیان گرت لە ساڵی ١٩٧٦، لە ژێر ناوی گۆڤاری نیو لیتریچەر ئەند ئایدیۆلۆجی، دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد.




بیست و شەش : گۆڤاری ئەلایڤ Alive Magazine ؛ ئەم گۆڤارە سەرەتا وەک گۆڤارێکی ئەدەبی چەپ لە قوتابخانەی ئامادەیی گوێلف لە هەرێمی ئۆنتاریۆی کەنەدا، لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. گۆڤارەکە بە دنە و پشتیوانی مامۆستایەک بەنێوی ئێدوارد پیکەرسگیل(١٠) تا ساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بوو، کە ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڤارەکەدا هەبوو. گۆڤاری ئەلایف بۆ چەند ساڵێک لە شێوازی پێش بزووتنەوەی دژە ڕیڤیژنیست بەردەوام بوو. بەڵام لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەلایف بە ڕوونی لەگەڵ بزووتنەوەی دژە ڕیڤیژنیستدا هاوتەریب بوو. گۆڤاری ئەلایڤ جۆرەها شیعری شۆڕشگێڕانە، کورتە چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی و هەواڵی کلتووری بڵاوکردەوە. بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەلایف لەگەڵ گۆڤاری کلتووری حزبی کۆمۆنیستی کەنەدا مارکسیست - لینینیست یەکیان گرت، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لێی جیا بووەوە. تیراژی گۆڤاری ئەلایف لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا نزیکەی ٦٠٠٠ دانە بوو . ٥٠٠٠ کۆپی بۆ کتێبفرۆش و ڕۆژنامەفرۆشەکانی ئۆنتاریۆ و ١٠٠٠ دانەیەکی دیکە لە ڕێگەی پۆستەوە بە بەشداربووان دەدرا. گۆڤاری ئەلایف لە شیعر و کورتە چیرۆک و سەردێڕەکانیدا لە وردی هێڵی سیاسی فەرهەنگی حیزبی کۆمۆنیستی چینی گرتەبەر. گۆڤاری ئەلایف لە ساڵی ١٩٨٠دا لە بڵاوکردنەوە وەستا.







بیست و حەوت : گۆڤاری پرۆلیتاریەن یونیتی Proletarian Unity Newspaper؛ ئەم گۆڤارە بڵاوکراوەی تیئۆری سیاسی ڕێکخراوی مارکسیست لینینیستی کەنەدا بوو و لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاو دەبووەوە.






**بیست و هەشت : گۆڤاری زە مارکسیست لینینیست The Marxist Leninist Magazine ؛ ئەم گۆڤارە لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا مارکسیست – لینینیست بووە و هەفتانە بڵاو دەبووەوە.**




**بیست و نۆ : گۆڤاری کەنەدییەن ڕیڤۆلوشن Canadian Revolution Magazine ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە لە ئایاری ساڵی ١٩٧٥ بڵاوبۆتەوە. کەنەدییەن ڕیڤۆلوشن لەلایەن ئەندامانی گروپی کۆمۆنیستی تۆرۆنتۆ و یەکێتی کرێکاران و کەسانێکەوە دامەزرا کە دوواتر یەکێتیی بەلشەفیکیان پێکهێنا. مەبەست لەم گۆڤارە وەک مەکۆیەکی کراوە بوو بۆ بۆ مارکسیست-لینینیستەکان بۆ مشتومڕ لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە تیۆری و پراکتیکی کۆمۆنیست. هەرچەندە لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥ تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، تەنها شەش ژمارەی لێ دەرچوو، بەڵام گۆڤاری کەنەدییەن ڕیڤۆلوشن توانی گروپە دابڕاوەکان لە سەرانسەری کەنەدا لەگەڵ یەکتردا ببەستێتەوە. بەڵام ناکۆکییەکانی نێوان مەیلی بەلشەفییەکان (یەکێتی بەلشەفیکەکان) و گروپەکانی تر لەسەر ئاراستەکردنی گۆڤارەکە قووڵ بووەوە و زۆری نەخایاند بڵاوکردنەوەیان پەکخست.**







سی : گۆڤاری لاینز ئۆڤ دیمەرکەیشن Lines of Demarcation Magazine گۆڤارێکی نوێی تیئۆری و پراکتیکی حیزبی کۆمۆنیستی مارکسیزم – لینینیزمی کەنەدا بوو. کە ژمارە یەکی ساڵی ١٩٧٦ دا، بڵاوبۆتەوە. ئەم گۆڤارە تێدەکۆشا لە دوای قۆناغی دیموکراسی بۆرژوازی نیشتمانی گەل، ئەوسا بەرەو سۆشیالیزم بچێت و بانگەوازی شۆڕشی سۆشیالیستیی ڕاشکاوانە بکات.






سی و یەک : ڕۆژنامەی زە فۆرج The Forge Newspaper ؛ ئۆرگانی ناوەندی یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی کەنەدا کە لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە بڵاو بوونەوە کردووە.


THE FORGE
SPECIAL SUPPLEMENT
Great revolutionary leader of the Chinese people
HOMAGE TO MAO TSETUNG
Great teacher of the proletariat


THE FORGE
THE LATEST BUDGET
Pre-election crumbs
MAY 1st
International Workers' Day
WORKERS, UNITE!
• Against the capitalist crisis!

سی و دوو : گۆڤاری وێسترن ڤۆیس Western Voice magazine لەساڵی ١٩٧٣ لەلایەن ئەندامانی ستافی ڕۆژنامەی ئەلتەرنەیتیڤی ڤانکووڤەرەوە دامەزرا. سەردێری ڕۆژنامەی ئەلتەرنەیتیڤ، وێسترن ڤۆیسی بە "ڕۆژنامەیەکی خەباتی چینی کرێکار" وەسف کرد و هەورەها ڕوماڵی ململانێی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە سەرانسەری کەنەدا و بە جەختکردنەوە لەسەر هەرێمی برتش کۆڵۆمبیا، دەکرد. لە کاتێکدا زۆربەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری وێسترن ڤۆیس هاوسۆزی مارکسیزم-لینینیزم بوون، بەڵام ئەم هاوسۆزییە لەو گۆڤارەکە ڕەنگدانەوەی نەبوو کە زیاتر لەسەر پشتیوانی و هاودەنگی کرێکاری بنکە فراوان بوو نەک هێڵێکی سیاسی شۆڕشگێڕانە بخاتەڕوو. ڕەوتی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی پێشکەوتنخوازانە کە هیچ هێڵێکی شۆڕشگێڕانەی دیار نەبوو لەلایەن ئەو چالاکوانانەی کە خۆیان لەگەڵ مارکسیزم-لینینیزمدا دەناساندەوە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە سەرانسەری کەنەدا دووبارە بووەوە. نموونەی دیکە بریتین لە مۆبیلیزەیشن لە شاری مۆنتریاڵ و ئۆتاوا وۆرکەر و نیو فاوندەیشن لە هەرێمی ئۆنتاریۆ هاتنە بڵاوکردنەوە. لە دوو ژمارەی کۆتایی گۆڤارەکەدا پرۆسەیەکی ڕەخنەگرتن لە خۆ و ئاراستەکردنی گشتی بۆ مارکسیزم-لینینیزم دەستپێکرد. لە کۆتاییدا وێسترن ڤۆیس هەڵوەشایەوە و زۆربەی ئەندامەکانی چوونە ناو گۆڤاری ئن ستراگڵ.




سی و سێ : ڕۆژنامەی ئن ستراگەڵ In Struggle Newspaper ژمارە یەکی ڕۆژنامەی ئن ستراگەڵ بەزمانی فەرەنسی لە یەکی ئایاری ساڵی ١٩٧٣ هاتە بڵاوکردنەوە. لە مانگی ئایلوول ڕۆژنامەکە بوو بە دوو هەفتە جارێک و لەشاری کوبێک دردەچوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن گروپێکی مارکسیست – لینینیستەوە دەردەچوو و ئامانج لەم ڕۆژنامەیە هەوڵدان بووە بۆ دروست کردنی حیزبی پرۆلیتاریا لە کەنەدا.



سی و چوار : ڕۆژنامەی سۆلیدایتی تایمز Solidarity Times Newspaper ئەم ڕۆژنامەیە کاتی قەیرانی هاوپشتی لە ساڵی ١٩٨٣ ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی سۆلیداریتی تایمز دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. یەکەم ژمارەی لە پانزەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ دەرچوو و سەرجەم نۆ ژمارەی لێ هاتە بلاوکردنەوە. سۆلیداریتی تایمز لەلایەن ئۆپەراسیۆنی سۆلیداریتی و فیدراسیۆنی مامۆستایانی هەرێمی برتش کۆلۆمبیاوە لە ڕۆژئاوای کەنەدا بودجەی بۆ دابینکرا. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ستان پێرسکی بوو. لە کورت ماوەدا ڕۆژنامەکە وتارەکانی لەسەر کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بڵاوکردەوە و لە ڕوانگەیەکی چەپەوە کاریدەکرد. دوای مشتومڕێکی زۆر بە سەرکەوتوویی ئەندامیەتی لە گەڵەری ڕۆژنامەوانی بەدەستهێنا. ڕێبەرایەتی ئۆپەراسیۆنی هاوپشتی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣دا بودجەی ڕۆژنامەکەی وەستاند و ئیتر ڕۆژنامەکەش وەستا.




سی و پێنج : ڕۆژنامەی پرۆگرێس ریپۆرت Progress report Newspaperڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا(مارکسیست – لینینیست) بوو و لە دەیەی نەوەدەکان بڵاو دەبووەوە.



A PEOPLE'S YES

PUBLIC MEETING

WHY A PEOPLE'S YES IN THE QUÉBEC REFERENDUM?

PROGRESS REPORT

NEWSPAPER OF THE COMMUNIST PARTY OF CANADA (MARXIST-LENINIST)

Harris At An Impasse

QUEBEC REFERENDUM, OCTOBER 30

Why the People Should Support a People's YES

سی و شەش : گۆڤاری ئۆکتۆبەر October Magazine گۆڤاری تیئۆری حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست مارکسیست – لینینیستی کەنەدا بوو.



سی و حەوت : ڕۆژنامەی سۆشیالیست ۆرکەر Socialist Worker Newspaper ؛ ڕۆژنامەی سۆسیالیست ۆرکەر ناوی چەندین ڕۆژنامەیە کە لە ئێستادا یان پێشتر پەیوەندییان بە مەیلی سۆشیالیستی نێودەوڵەتییەوە هەبووە یان هەیە. سۆشیالیست ۆرکەر ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە لەلایەن حیزبی کرێکارانی سۆشیالیستی لە بەریتانیا بڵاودەکرایەوە، مانگانەش لەلایەن سۆشیالیستە نێودەوڵەتییەکانی کەنەدا بڵاودەکرێتەوە. هەروەها مانگانەیەک لەگەڵ وێب سایتێکی ڕۆژانە کە لەلایەن ڕێکخراوی سۆسیالیستی نێودەوڵەتییەوە لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٧ تا ٢٠١٩ بڵاودەکرایەوە، جگە لەمانەش دوو هەفتەنامە لەلایەن پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی لە ئێرلەندا دوو هەفتەجارێک دەهاتە وەشاندن، وەک وەرزنامەش لەلایەن ڕێکخراوی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی لە زیمبابۆی بڵاودەکرایەوە و مانگنامەیەکیش کە لەلایەن ڕێکخراوی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی پێشوو لە ئوسترالیا بڵاودەکرایەوە. هەروەها وۆرکەر ناوی گروپێکی سیاسیش بوو لە نیوزلەندا.



Antisemitism, Zionism and Socialism

Support the Socialist Worker fund drive

Socialist Worker

From Turtle Island to Palestine

BUILD THE RESISTANCE





The enduring legacy of Vern Harper

Abortion rights victory in Irish referendum

Socialist Worker

$12 billion to fuel climate chaos

SINK



سی و هەشت : گۆڤاری فۆرم ئەنتەرناسیوناڵ Forum International Magazine؛ ئەم گۆڤارە لەلایەن بزووتنەوەی یەکبوونی مارکسیست لینینیستی کەنەداوە بڵاو دەبووەوە.




سی و نۆ : ڕۆژنامەی پیپڵس ڤۆیس people's voice newspaper ؛ ڕۆژنامەی دەنگی خەڵک ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدییە کە مانگانە لەلایەن نیو لەیبەر پرێسەوە بڵاودەکرێتەوە، هێڵی سیاسی ڕۆژنامەکە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی سیاسیانەی حزبی کۆمۆنیستی کەنەدایە، هەرچەندە هەندێ لە بابەتەکانی دەنگی هەڵسوڕاوە چەپەکانی تری کۆمەڵگەی کەنەدییە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٣ بەم ناوەوە دامەزراوە، پاشخانی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە مێژوویەکی دێرینی هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک یەکەم ڕۆژنامە لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی نوێی کەنەداوە دامەزراوە. پیپڵس ڤۆیس لە تۆرۆنتۆ بەرهەم دەهێنرێت و لە چاپخانەی سەندیکاکان لە شاری هامیلتۆن چاپ دەکرێت، هەواڵ و ناوەڕۆکی سیاسییانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندییان بە پرسە سیاسییەکانی کەنەدا و جیهان و حکومەتی کەنەدا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی چینایەتییەوە هەیە.



**چل : بڵاوكراوەی ١٩١٧ 1917 Journal؛ ئەم بڵاوكراوەیە، لەلایەن ڕەوتی ئەنتەرناسیونالی بەلشەفیك لقی كەنەدا، بڵاودەكرایەوە. بنكەی سەرەكی ڕۆژنامەكە لە شاری تۆرنتۆی كەنەدا بوو. دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەكە بریتی بوون لە س. لیچتەنبێرگ، ب لۆگن. ت ریلەی.**


1917

JOURNAL OF THE INTERNATIONAL BOLSHEVIK TENDENCY

Capitalism & Racism

**چل و یەك : ڕۆژنامەی سپارتاسیست Spartacist Newspaper ؛ ئەم ڕۆژنامەیە لەدەیەی حەفتاكان لەلایەن كۆمیتەی كەنەدای مەیلی ئەنتەرناسیونالی سپارتاكۆسی بڵاوكراوەتەوە . سپارتاسیست، ڕۆژنامەی ڕەوتی ترۆتیسكیستەكانی كەنەدایە و لە چەندین وڵاتدا هاتۆتە بڵاوكردنەوە، وەكو ئەمەریكا و كەنەدا و ئێرلەندا و ..تاد.**




**چل و دوو : گۆڤاری تێرن لێفت Turn Left Magazine ؛ ئەم گۆڤارە دەنگی گروپی سۆشیالیستی نێو حیزبی دیموکراتی نوێی کەنەدایە و هەر لەلایەن ئەم گروپەشەوە بڵاو دەکرێتەوە. دزاینەر و سەرنووسەری گۆڤارەکە شان کەین و دەستەی نووسەران بریتین لە ئلزبس بایس و جان ئۆرێت و بێری وەیسلیدەر.**



**چل و سێ : گۆڤاری فایت باک Fightback magazine؛ ئەم گۆڤارە دەنگی مارکسیستی کرێکاران و لاوانە. بنکەکەی لەشاری تۆرۆنتۆی کەنەدایە. ئەم گۆڤارە لەلایەن ڕێکخراوی ( بەرگریکردن لە مارکسیزم) ەوە لە بیست و حەوت دەوڵەت و بە چەندین زمانی جیاجیا دێتە وەشاندن.**




**چل و چوار : ڕۆژنامەی کۆمۆنیست ڕیڤلووشن Communist Revolution Newspaper؛ ڕۆژنامەی کۆمۆنیست ڕیڤولووشن کە لەلایەن مارکسیستەکانی کەنەداوە، مانگانە بڵاودەکرێتەوە کە بنکەی سەرەکییان لە شارەکانی تۆرۆنتۆ و مۆنتریاڵە. دەستەی بەڕێوبردنی گۆڤارەکە بریتین لە جولیان ئارسێریۆ، جۆڵ بێرگمان، ڕۆب لیۆن، مەریسا ئۆلانیک، لەین شێڵدن هۆوڵ، بێنۆیت تانگوای، میشێڵ تۆمسن. تا ئێستا چوار ژمارە لەم گۆڤارە بڵاوکراوەتەوە.**




بەم پێیە لەمیانی چل و چوار بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەوە، گەشتێکی زۆر خێرامان بەنێو دیرۆکی بزاڤی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی و مارکسیستی و کرێکاری لە وڵاتی کەنەدا کرد و تا ئەو جێیەی زانیاریمان دەست کەوت، هەوڵماندا ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو بزووتنەوە ڕۆژنامەگەرییە شۆڕشگێڕەی کە بە دەنگی مارکسیستەکان و چینی کرێکاری کەنەدا دەناسرێت.

## ئەنجام

دوای تێڕامان و وردبوونەوە لە مێژووی زیاتر لە سەدو بیستساڵی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی لە کەنەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بزووتنەوەیە بە توندی پەیوەست بووە بە بزووتنەوەی کرێکاریی و سۆشیالیستی و لەناو جەرگەی خەباتی واقیعی کرێکارانەوە هاتۆتە دەرێ و هەر لە پەیوەست بەو خەباتەشەوە جوانترین و پڕ لە شانازیترین لاپەڕەکانی خۆی نەخشاندووە. ئەوەش ڕوونە کە ئەو نەخشاندنە بەو هەموو ساڵانەوە ئاسان نەبووە. پاشەکشە و سەرکەوتنەکانیش بەپێی تەرازووی هێزەکان بووە.
هەرچەندە بۆرژوازی لەم جەنگەدا سەرکەوتووە، بەڵام نەریتە شۆڕشگێڕەکەی پرۆلیتاریای کەنەدا بەردەوام بووە. ئەم بزووتنەوە ڕۆژنامەگەرییە لە سەرەتادا زۆر ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانە بووە و پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دووچاری پاشەکشە و ئاڵوگۆڕ دەبێت و ئەو ڕادیکاڵیزمەی کاڵتر و کاڵتر دەبێتەوە و وردە وردە لە سۆشیالیزمەوە دەبێت بە مارکسیزم – لینینیزم و ئینجا بزووتنەوەی خەڵکیی و پۆپۆلیزم. نەریتی ئەنتی سەرمایەداری ئەو بزووتنەوەیە هەمیشە و لەزۆربەی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیی هەبووە، بەڵام بەڕێگە شۆڕشگێڕانەکەی نا، یان لانی کەم ڕێگە شۆڕشگێرانەکە ئەو باڵادەستیییەی جارانی نەماوە. ئێستا تەمەنی ئەو بزووتنەوەیە کە بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک درێژبۆتەوە، ئەگەرچی زۆربەی بەرەو بۆرژوازی و ڕیفۆرم لە سەرمایەداری ( نەک شۆڕش)لاربوونەوە و ڕۆیشتن جگە لە کەمینەیەک نەبێت کە تا ئێستاش پابەندبوونی خۆیان بە مارکسیزم پاراستووە. لەم گۆشەنیگایەوە و دەست لەناو دەست ئەو کەمینە ڕادیکاڵە و سەرجەم مارکسیستە ڕادیکاڵەکانی جیهان ئەگەر بەجیددی کار بکرێت، ئومێد هەیە کە بتوانرێت دەیەکانی داهاتوو بکرێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لەمێژووی مرۆڤایەتی، ئەویش بەگێڕانی ئاهەنگی سەرکەوتنی یەکجارەکی کرێکاران و بەشخوراوان بەسەر سەرمایەدارانی چەوسێنەر و چاوچنۆک.

**تێبینییەکان :**

**(١)جان فلێت؛ دارتاش و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕێکخراوبوونی کرێکاران( ١٨٦٠ – ١٩٤١) ڕۆڵی بەرچاوی لەمێژووی ڕێکخستنی کرێکاران کەنەدا گێڕاوە. فلێت لە نەقابەی دارتاشانەوە دەستی پێکرد و تا کرێکارانی لە کۆنگرەی کرێکارانی کەنەدا لێکهەڵپێکا. ساڵی ١٩٠٠ فیدراسیۆنی کرێکارانی ئەمریکا، جان فلێتیان وەکو ڕێکخەری کرێکارانی کەنەدا؛ بەفەرمی ناساند.**

**(٢)ناکرێت لێرەدا بینینێکی گشتیگر بدەین بەو مێژووە، ئەگینا کەسانی سۆشیالیستی هەبوون و کرێکار نەبوون.**

**(٣)ڕۆژنامەی Appeal to Reason ١٨٩٥ – ١٩٢٢ ڕۆژنامەیەکی سیاسی چەپ بوو لە ئەمریکا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دەردەچوو. ئەم ڕۆژنامەیە لایەنگری هاوپەیمانی جووتیاران و حیزبی خەڵک بوو، پێش ئەوەی ناوەکەی بگۆڕێت بۆ حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا. ئەم ڕۆژنامەیە بە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕێک لە هەڵسوڕاوە خۆبەخشەکان کە بە "سوپای تانەدان" ناسرابوون بۆ هاندانی فرۆشتنی ڕۆژنامەکە، تیراژی فرۆشتنی تا ساڵی ١٩٠٦ بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ دانە و تا ساڵی ١٩١٠ بۆ نیو ملیۆن کۆپی بەرزبووەوە، ئەمەش بووەتە گەورەترین تیراژی فرۆشتنی ڕۆژنامەی سۆشیالیستی لە مێژووی ئەمریکادا.**

**(٤)موریس سپێکتەر ١٨٩٨ – ١٩٦٨ سیاسەتمەدار و سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا و هەروەها لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( زە وۆرکەر) بووە و یەکێک بووە لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی لیۆن ترۆتسکی. ساڵی ١٩٣٢ لەگەڵ جاک مەکدۆناڵد حیزبی کرێکارانی کەنەدا دادەمەزرێنێ.**

**(٥)یەکێتیی کرێکارانی سۆشیالیست؛ گرووپێکی ترۆتسکیست بوو لە بەریتانیا. ئەم گرووپە لە لایەن ئالان تۆرنێت و ئەندامانی دیکەی حیزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕ دوای دەرکردنیان لەو گرووپە لە ساڵی ١٩٧٤ پێکهێنرا.**

**(٦)یانەی هونەرە پێشکەوتووخوازەکانی کەنەدا ؛ ئەم یانەیە لە پایزی ساڵی ١٩٣١ لە شاری تۆرۆنتۆ لەلایەن کۆمەڵێ نووسەر و هونەرمەند و کارتۆنیست و دراماتۆرەوە دامەزرا و دەستیان کرد بە خولقاندنی هونەری کەنەدی بەڵام بە ئاشکرا شۆڕشگێڕانە. حیزبی کرێکارانی کەنەدا هەوڵیدا سەرنجی کرێکاران ڕابکێشێت بەرەو بەرهەمە کلتوورییە چینایەتییەکانی خۆیان. ساڵی دوواتر، واتە ساڵی ١٩٣٢ یانەی هونەرە پێشکەوتنخوازەکانی کەندا لقەکانی لە شارەکانی مۆنتریال، ڤانکووڤەر، وینیپێگ و هالیفاکس دامەزراند و گۆڤارێکی نوێشی بە ناوی (نیو ماسس)ەوە بڵاوکردەوە.**

**(٧)هاوپەیمانی دەنگدەرانی پێشکەوتنخواز لە ڤانکووڤەر یان (کۆپ)؛ حیزبێکی سیاسی شارەوانییە لە شاری ڤانکووڤەری کەنەدا لە هەرێمی برتش کۆڵۆمبیا لە ساڵی ١٩٦٨ دامەزراوە کە بە شێوەیەکی ترادیسیۆنی پەیوەندی بە کرێچی و ژینگەپارێز و بزووتنەوەی کرێکارییەوە هەبووە. ئەم حیزبە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە داکۆکیکردن لە پرسەکانی وەک باشترکردنی هاتوچۆی گشتی و دابینکردنی خانووبەرە. دواجار لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ حکومەتی زۆرینەی لە ئەنجومەنی شاردا هەبوو. ئەم حیزب لۆکاڵە خۆی بە پابەندبوون بە پاراستنی کرێچییەکان، کۆتاییهێنان بە بێ ماڵ و حاڵیی، باجدان بە دەوڵەمەندەکان ، دابینکردنی سەلامەتی، گواستنەوەی ئازاد، ئاشتەوایی نەیتیڤەکان، چاکسازی لە کەشوهەوا و ژینگە، ڕاگەیاندووە.**

**(٨)جاک سکات؛ (١٢ی ئایاری ١٩١٠ - ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠) هەڵسوڕاوی سەندیکایی کەنەدی، لەدایکبووی وڵاتی ئێرلەندی بووە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدا بووە. چەندین کتێبی لەسەر مێژووی کرێکارانی کەنەدا نووسیوە و کۆمەڵەی دۆستایەتی کەنەدا و**

چینی دامەزراندووە. لە جەنگی جیهانی دووەمدا دەبێتە سەربازی کەنەدا و بەهۆی بوێری و ئازایەتیدا خەڵاتی کرۆکس دی گێری پێبەخشرا. سکات دژی ئەوە بوو کە ڕێگە بدرێت سەندیکاکانی کرێکارانی کەنەدا لەلایەن سەندیکاکانی ئەمەریکاوە کۆنترۆڵ بکرێن. بەهۆی پاڵپشتیکردنی لە وڵاتی چین لە کاتی جیابوونەوەی چین و سۆڤییەت،جاک سکات لە حزبی کۆمۆنیستی کەنەدا دەرکرا. پاشان جاک سکات بوو بە دامەزرێنەری بزووتنەوەی کرێکارانی پێشکەوتنخواز کە بنکەکەی لە شاری ڤانکووڤەر بوو.

(٩)بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی کەنەدا؛ بیرۆکەی بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی کەنەدا درێژکراوەی ئامانجێک بوو بۆ بەرەیەکی ڕزگاری نیشتمانی، بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ناوخۆدا لە خودی کەنەدادا بەرقەرار بێت. ئەم تێڕوانینە لە کۆتاییەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە کتێبی کرێکاری پێشکەوتنخوازی کەنەدا بۆ بازنەکانی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی باسکرا هاوکات لەگەڵ ئەو باسانەی کە بوونە هۆی دامەزراندنی حیزبی کرێکارانی کەنەدا. کەسایەتییە سەرەکییەکان لێرەدا بریتی بوون لە جاک سکات کە دواتر ناوی لێنرا "ڕادیکاڵترین پیاوی کەنەدا"، بیل جانسۆن، ئەکادیمیستی مارکسیست، ئەبی مانهایم، جۆ هێنسبی، دۆن ڕۆباک، نۆرمان ئێندیکۆت، سینۆفیل، جەیمس ئەندیکۆت و فیڵ تایلەر، کۆچبەرێکی ئەمەریکی و چالاکوانی مارکسیست، بوون. لە کۆبوونەوەی سەرەتاییدا کە لەخانوویەکی کرێ لە شەقامی کۆلێج لە شاری تۆرۆنتۆ ئەنجامدرا، فیڵ تایلەر و دۆن ڕۆباک پێشەنگی ڕێکخراوە نوێیەکە بوون.

(١٠)ئێدوارد پیکەرگیڵ: لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ لە شاری گلاسکۆی سکۆتلەندا لەدایکبووە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ خانوادەکەی ڕوویان لە ئینگلتەرا کردووە، پاشان لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا هاتوونەتە کەنەدا. سەرەتا ڕووی لە هەرێمی کوبێک کردووە و دواتر لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا لە شاری گوێلف لە هەرێمی ئۆنتاریۆی کەنەدا نیشتەجێ بووە. ئێدوارد ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ( ئەڵایڤ) کە لە ١٩٦٩ تا ١٩٧٨ بەردەوام بوو.

سەرچاوەکان :


1-The Canadian Encyclopedia Working Class History

Jacques Rouillard, David Frank, Bryan D. Palmer, Todd McCallum February 7, 2006.

https://www.thecanadianencyclopedia.ca/en/article/working-class-history

2-Our 80 years of Socialist Journalism, by Ian Angus Socialist History Project

https://www.socialisthistory.ca/Docs/History/SocialistNews.htm

3-How Canadian Socialists Build a Working-Class Print Culture During The Great Depression By Andrea Hasenbank Jacobin website 16-10-2023

https://jacobin.com/2021/10/socialist-newspapers-magazines-canada-masses-labor-defender

4- The Canadian Encyclopedia Working Class History

Jacques Rouillard, David Frank, Bryan D. Palmer, Todd McCallum February 7, 2006

https://www.thecanadianencyclopedia.ca/en/article/working-class-history

5- Encyclopedia of Anti-Revisionism On-Line Canadian Anti-Revisionism

The First Wave of Anti-Revisionism, 1964-1970

https://www.marxists.org/history/erol/ca.firstwave/index.htm

6- Encyclopedia of Anti-Revisionism On-Line Canadian Anti-Revisionism

The Second Wave of Anti-Revisionism, 1971 – 1981

https://www.marxists.org/history/erol/ca.secondwave/index.htm

7- هەروەها سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە

https://en.wikipedia.org/wiki/Industrial_Worker

https://en.wikipedia.org/wiki/Ralph_Chaplin#/media/File:One_Half_Million_Stickerettes.jpg

https://www.labourheritagecentre.ca/solidarity-times/

https://www.marxists.org/history/usa/pubs/solidarity-iww/index.htm

https://www.anarkismo.net/article/22387

https://www.socialisthistory.ca/Docs/History/SocialistNews.htm

http://www.socialisthistory.ca/Docs/1961-/48Years-1969.htm

## سوپاسنامە

لەناخی دڵەوە سوپاسی هاوڕێی زۆر ئازیزم نەوزاد مدحەت(گۆران عەبدوڵا) بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان و هەڵسوڕاوی سۆشیالیستی و کرێکاری لە کوردستان و کەنەدا دەکەم، کە جگە لە ناردنی ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤاری سۆشیالیستیی؛ بە تێبینی و سەرنجەکانیشی ئەم نامیلکەیەی دەوڵەمەند و پوختتر کرد.

## ناواخن

١-پێشكەشە.......................................................................................................ل

٢-بايەخی ئەم ناميلكەيە لەچيدايە؟....................................................................................ل

٣-ڕامانێكی خێرا لە بزووتنەوەی سۆشياليستی وڵاتی كەنەدا............................................................ل

٤-ڕۆژنامەگەری سۆشياليستيی كەنەدی لە سەرەتاوە تا قاتوقڕييەكە ١٨١٦ – ١٩٣٠.................................ل

٥-لە قاتوقڕييە گەورەكەوە تا نيوەی دووەمی دەيەی شەستەكان ١٩٣٠ – ١٩٦٤...................................ل

٦-لاربوونەوە لە هێڵی سۆشياليزمەوە بەرەو خەڵكگەرايی ١٩٦٤ – سەدەی بيست و يەك..............................ل

٧-ئەنجام.........................................................................................................ل

٨-تێبينييەكان..................................................................................................ل

٩-سەرچاوەكان..................................................................................................ل

١٠-سوپاسنامە...................................................................................................ل

١١-ناواخن........................................................................................................ل